
ڕێنماییەکان
KURDISTAN FILM FUND
فیلمی کورت، مامناوەند، یاخود درێژ لە قۆناغی بڵاوکردنەوە



فیلمی کورت، ماماوەند، یاخود درێژ لە قۆناغی بڵاوکردنەوە

KURDISTAN FILM FUND

پێشەکی

لە ژێر چەتری دەزگای کریەتیڤ کوردستان، هاوشان لەگەڵ کۆمسیۆنی فیلمی کوردستان، سندوقی فیلمی کوردستان پاڵپشتی فیلمی کوردیی کورت، ماماوەند، و درێژ و هەروەها زنجیرەی تەلەفیزیۆنی دەکات لە هەر قۆناغێکی بەرهەمهێناندابن لەڕێی دوو سووڕی پاڵپشتی ساڵانەوە

ڕێنماییەکان

ئەم بەڵگەنامەیە ڕێنماییە پێویستەکان لەخۆدەگرێت بۆ هەر پێشکەشکارێک کە فیلمێکی کورت، ماماوەند، یاخود درێژی خەیاڵکرد، وێنەی جوڵاو (ئەنیمەیشن)، یاخود بەڵگەفیلم (دۆکیومێنتاری) پێشکەشبکات بۆ پاڵپشتی بڵاوکردنەوە.
ئامۆژگاری پێشکەشکاران دەکەین بەر لە پێشکەشکردنی داواکاری بە وردی ئەم ڕێنماییانە بخوێننەوە چونکە وردەکاری ڕێنماییەکان، بڕی پاڵپشتییەکان، و پێداویستییەکانی پێشکەشکردن بۆ پاڵپشتی بڵاوکردنەوە لەخۆدەگرن.

شایستەیی

پێوەرەکانی شایستەیی بۆ پاڵپشتیی سندوقی فیلمی کوردستان لە کۆتایی ئەم بەڵگەنامەیە هەیە.
تەواوی ڕێسا گشتییەکان بە شێوەی ئۆنڵاین لە وێبسایتی ئێمە بەردەستە و دەتوانن زانیاری ورد و وەڵامی پرسیارەکانتان دەست بکەوێت.

خشتەی کاتی پێشکەشکردنی داواکاری

سۆڕی یەکەمی پێشکەشکردنی داواکاری
لە 1ی ئەیلول، 2026 دەکرێتەوە
لە 16ی تشرینی یەکەم، 2026 دادەخرێت
ڕاگەیاندنی پرۆژە پاڵپشتیکراوەکان لە ناوەڕاستی کانونی دووەم، 2027 دەبێت

پۆلێن و سۆڕەکانی پاڵپشتی فیلم

فیلمی کورت و مامناوەند بۆ پاڵپشتی بڵاوکردنەوە
لە ناویاندا بەرهەمی خەیاڵکرد، بەڵگەفیلم، یاخود وێنەی جوڵاو
فیلمی کورت بەرهەمێکە لە 30 خولەک کورتتر بێت.
فیلمی مامناوەند بەرهەمێکە لە نێوان 30 بۆ 59 خولەکدابێت.

فیلمی درێژ بۆ پاڵپشتی بڵاوکردنەوە
لە ناویاندا بەرهەمی خەیاڵکرد، بەڵگەفیلم، یاخود وێنەی جوڵاو
فیلمی درێژ بەرهەمێکە لە کاتژمێرێک زیاتر بێت و بە ئامانجی پەخشکردنی سەرەتایی لە سینەما بەرهەمهاتبێت.

تەنیا بۆ ئەو بەرهەمانە بەردەستە کە قۆناغی پاش-بەرهەمهێنانیان تەواو کردووە و هێشتا هیچ پەخشێکی فیستیڤاڵیان نەکردووە و دەستیان بە سووڕی بڵاوکردنەوە و چاپکردنی فیلم نەکردووە.

بڕی پاڵپشتی و دانیشتنەکان
دەستەوارەی پاڵپشتی پارەی نەقد و ڕێنیشاندانی پیشەیی لەخۆ دەگرێت لە ماوەی دانیشتنە هاوبەشەکان.

بڕی پاڵپشتی و دانیشتنەکان

پاڵپشتی بەردەست - پشتبەست بە ستراتیژی بەبازاڕکردن و دابەشکردن

- **تێچووی بازاڕ** لە ناویاندا بڕوانامەکان، پەخشی بازاڕ، ڕیکلام
- **تێچووی بەبازاڕکردن** لە ناویاندا داڕشتنی پۆستەر، هەڵمەتی بەبازاڕکردن، و پەیوەندییە گشتییەکان لە کاتی نمایشی سەرەتایی لە فیستیڤاڵە ناوخۆیی و جیهانییەکان.
- **تێچووەکانی فیستیڤاڵ** لە ناویاندا تێچووی گەشتکردن بە مەبەستی ئامادەبوون لە نمایشی فیستیڤاڵی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.
- **پرۆسەی ڤیزا - بۆ گەشتی نێودەوڵەتی،** سندوق نەتەوەیی هاوکاری دەرهێنەر یاخود بەرهەمهێنەرە کوردەکان دەبێت لە پرۆسەی ڤیزا.
- **ستراتیژی دابەشکردن و فیستیڤاڵ** لە ناویاندا ڕاوێژی تایبەتمەند بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵی فیلمەکە لە فیستیڤاڵەکاندا و پەرەپێدانی نەخشەی ستراتیژی دابەشکردن لە فیستیڤاڵەکان.
- **تەواوی پرۆژە پاڵپشتیکراوەکان** لە هەر سوڕێکدا هەڵی بەشداریکردنیان لە زنجیرەیەک دانیشتنی ئۆنڵاینی بەکۆمەڵدا دەبێت کە بابەتی گرنگ و پێویست بۆ پەرەپێدانی پرۆژەکان، دارایی و بەرهەمهێنان باس دەکات. ئەم دانیشتنانە لە سێ مانگدا ڕوو دەدەن پاش ئاگادارکرانەوە لە وەرگرتنی پاڵپشتی.
- **پاڵپشتی دابەشکردن هەوڵ** بۆ دەرکەوتنی سینەمای کوردی دەدات بە پشتگیریکردنی پرۆژەکان لە دەستگەیشتن بە فیستیڤاڵە گرنگەکان، بازاڕی فیلم، هەڵی فرۆشتن و تۆڕی پیشەیی، لە هەمان کاتیشدا هانی دابەشکردنی دوورمەودای جیهانی دەدات.

پارەدانی پاڵپشتی دارایی

پاڵپشتییەکە دەبەخشرێت بە بەرهەمهێنەر، جگە لە حاڵەتی تایبەتدا کە لە یاساکاندا بە (*) دیاری کرابێت.

- پشتبەست دەبێت بە ستراتیژی چاپ و ڕیکلامی (P&A) فیلمەکە و پاش قبووڵکردنی پسووڵەی نرخاندن کە بەرهەمهێنەر پێشکەشی دەکات.

پێداویستیپەکان

لەم لیستەی خوارەوە ئەو بەڵگەنامانە دەبینن کە پێویستە لە دۆسیەی داواکارییدا هەبن بۆ پاڵپشتی بڵاکردنەوە

- بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن، پێویستە داواکاران بابەت و بەڵگەنامەکانیان بەم ڕێزبەندییەی خوارەوە پێشکەش بکەن.
- پێویستە تەواوی بەڵگەنامەکان بە یەک فایلی PDF پێشکەش بکرێن

پاڵپشتی قۆناغی بڵاوکردنەوە

بەڵگەنامە هونەرییەکان (بە ئینگلیزی)

- ☐ لاپەڕەی ڕووپۆش لەگەڵ ناونیشانی بەرهەم
- ☐ پوختەی (سینۆپسس) کورت و / یان درێژی بەرهەم (لە ٢٠ دێڕ زیاتر نەبێت)
- ☐ ستراتیژی دابەشکردنی بەرهەمەکە پێداویستییە تایبەتییەکانی فیلمەکە و کار و هەنگاوی پێویست بۆ دڵنیایی سەرکەوتنی بڵاوکردنەوەی بخاتە ڕوو (لە ٢ لاپەڕە زیاتر نەبێت)

تیمی هونەری (بە ئینگلیزی)

- ☐ ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) دەرهێنەر
- ☐ بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری دەرهێنەر
- ☐ ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) سیناریست (ئەگەر گونجا)
- ☐ ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) بەرهەمهێنەر
- ☐ بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری بەرهەمهێنەر
- ☐ پرۆفایلی کۆمپانیای بەرهەمهێن (بۆ فیلمی کورت و مامناوەند ناچاری نییە)
- ☐ ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) هاوبەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- ☐ بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری هاوبەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- ☐ پرۆفایلی کۆمپانیای هاوبەرهەمهێن (ئەگەر گونجا)
- ☐ ژیاننامە و فیلمۆگرافی کەسانی سەرەکی لە تیمی هونەری

بەڵگەنامە یاساییەکان (دەکرێت هەندێک لە بەڵگەنامەکان بە زمانی ڕەسەن پێشکەشبکرێن، وەک کوردی یان عەرەبی)

- ☐ ناسنامەی دەرهێنەر
- ☐ بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی دەرهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە.
- ☐ ناسنامەی بەرهەمهێنەر
- ☐ بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی بەرهەمهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە. (ئەگەر گونجا)
- ☐ بژاردەی واژۆکراو یاخود گرێبەستی گواستنەوەی مافی خاوەندارێتی
- ☐ گرێبەستی واژۆ کراوی مافی وەرگرتن / ئامادەکردن (ئەداپتەیشن) (ئەگەر گونجا)
- ☐ گرێبەستی دەرهێنەر (گەر دەرهێنەر خودی سیناریست نەبوو)

- [ ] گرێبەستی بەرهەمهێنان
- [ ] بەڵگەنامەی تۆماری یاسایی کۆمپانیای بەرهەمهێنان (بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا یاخود بەڵگەنامەی فەرمی هاوشێوە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا)
- [ ] گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش (ئەگەر گونجا)
- [ ] پەیماننامەی پابەندبوونی هەر لایەن و هاوبەشێک کە لە پرۆژەکەدا بەشداربێت (بۆ نموونە لایەنی دارایی، هاوبەرهەمهێن، پەخشکار، دابەشکار، فرۆشیار، تد.)

بەڵگەنامە داراییەکان

- [ ] نەخشەی دارایی کۆتایی (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمی سندوق فیلمی کوردستان)
- [ ] بودجەی کۆتایی (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمی سندوق فیلمی کوردستان)
- [ ] پسوولەی نرخاندنی چاپ و پڕکلام (P&A)

فیلم

- [ ] بەستەری فیلمەکە بە شێوەی کۆتاییهاتوو (picture-locked) لەگەڵ ژێرنووسی ئینگلیزی

تێبینی لەسەر هەڵسەنگاندن

- [ ] لەگەڵ هەڵسەنگاندنی بەهرە و کوالیتی هونەری و توانای جێبەجێکردنی بەرهەمهێنان، دەستەی دادوەری توانای هەر پرۆژەیەک بۆ بەشداریکردن لە پەرەپێدانی درێژخایەنی سینەمای کوردی، ناسراوی نێودەوڵەتی و بەردەوامی لەبەرچاودەگرێت.
- [ ] تایبەتمەندییەکی زیاتر دەدرێت بە پشتیوانیکردنی ئەو پرۆژانەی گرنگییەکی بەرچاو دەدەن بە هەمەجۆری و یەکسانی ڕەگەزیی لە هەردوو تیمی سەرەکی بەرهەم یاخود تیمی جێبەجێکار/تیمی تەکنیکی.

سوپاس

ئیمەیڵ

info.fund@creativekurdistan.krd

بۆ پەیوەندی

+964 (772) 139 2923

ناونیشان

تەلاری هێرا، شەقامی میدیا، نهۆمی 3، شوقەی-30 31،
سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق



KURDISTAN FILM FUND